

# مۆدێرنەی شل

## ڕێگایەک بۆ تێگەیشتن لە تیۆرە سۆسیۆلۆژییەکەی

زیگمۆند باومەن

و : هوشیار شێخ ئەنوەر

هزر
ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١
jineftin.krd

(**زیگمۆند باومەن** ١٩٢٥ -٢٠١٧ زانای سۆسیۆلۆژی پۆلەندی و پرۆفیسۆری وانەکانی سۆسیۆلۆژیا لە زانکۆی ( لیدز) لە بەریتانیا، تێزەکەی خۆی لەبارەی (مۆدێرنەی شل- پۆست مۆدێرن)ەوە لە زەنجیرە کتێبێکی هەشت بەرگیدا دەخاتە ڕوو. ئەم بابەتە خوێندنەوەیەکە بۆ ئەو هەشت کتێبە.

لەو زنجیرەیەدا (باومەن) بە دیدگای تایبەتی خۆی باس لە هەردوو چەمکی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە دەکات، کە دواجار دەیانگۆڕێت بۆ دوو چەمکی تر کە شتێکی نوێن بەلای خوێنەری خۆرهەڵاتییەوە ئەویش چەمکی (مۆدێرنەی ڕەق (پتەو) لەگەڵ چەمکی مۆدێرنەی (شل). مۆدێرنەی ڕەق مەبەستی لەو قۆناغەیە لە مۆدێرنە کە تیایدا "ئەقڵ دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر هەموو شتێکەوە هەیە" و مۆدێرنەی شل مەبەستی ئەو قۆناغەیە کە پێی دەڵێین: (پۆست مۆدێرنە) و تیایدا چەمکە پتەوەکان یان ڕەقەکان هەڵوەشێندراونەتەوە و ئازاد بوون و ڕزگار بوونی مرۆڤ لە دەسەڵاتی هەموو حەقیقەت و موقەدەسەکان و پێناسە و چەمکەکان ئامانجی سەرەکییەتی.

بەم پۆلێنکردنە ***باومەن*** توانی زنجیرە کتێبەکەی خۆیمان بۆ بنووسێت کە لە هەشت کتێب پێکهاتوون و تیایدا باسی ئەو دۆخی شل بوونەوەیەمان بۆ دەکات کە چۆن تووشی هەموو جومگەکانی ژیان بۆتەوە لەم سەردەمەی خۆماندا لە جومگەکانی وەک: (مۆدێرنەی شل، ژیانی شل، شلە ئەوین ، ئەخلاقی شل، شلە کاتەکان(زەمەنەکان)، شلە ترسی شل، چاودێری شل و شەڕانگێزی شل).

**کتێبی یەکەم: مۆدێرنەی شل**

***باومەن*** لە یەکەم کتێبی زنجیرەکەدا بە ناوی (مۆدێرنەی شل) پێناسەی ئەم شل بوونەوەیەمان بەم جۆرە بۆ دەکات: "جیا بوونەوەی توانا لە سیاسەت، واتە ئەوەی کە "ئێستا ئەوەی ئێمە دەتوانین بیکەین جیابووەتەوە یان دابڕاوە لەوەی کە دەبێت بیکەین".

بە واتایەکی ئاسان تر: (جاران لە مۆدێرنەی (ڕەق)دا دەوڵەت بەرپرسیار بوو لە وەبەرهێنان و پەرەپێدانی چەپاندنی تاک لە پێناو کۆمەڵگە، بەڵام لە ئێستادا کە ناوی

ناوە مۆدێرنەی شـــل، دەوڵەت وازی لەو ڕۆڵ و کارانەی خۆی هێناوە و بازاڕی بە ڕووی سەرمایەی ئازادا کردۆتەوە و بێ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو هانی بەرخۆری و نوێکردنەوەی بەردەوامی شمەکەکان دەدات لە پێناو تێرکردنی کاتی و خێرایی حەز و ئارەزووکان ئیش دەکات.

لەم کاتەی ئێســتادا ***باومەن*** وای دەبینێت کە: بەرخۆری لە کاڵای ماددیەوە ســەریشــی کێشاوە بۆ بەرخۆری لە هەست و سۆز و پەیوەندییە مرۆییەکان و تەکنەلۆژییەکانیش، بە ڕادیەکی وا کە کاریگەرییەکی زۆری خســتۆتە ســەر مانای ژیان و خۆشــەویســتی و ئەخلاق، چونکە ئێســـــتا بەهۆی بەکارهێنـانی لە ڕادەبەدەرمـان بۆ تەکنەلۆژیـای نوێ هەموومان ســانســـۆرمان لەســـەرە و چاودێری دەکرێین، ئەمەش وای کردووە (ترس) وەک شـــەلەیەکی ڕژاو لە ئەنجامی بەرخۆری و نیگەرانییەوە و ترس لەوەی کە بەیانی چی دەبێت و چی ڕوو دەدات، بە ناوماندا بڵاو ببێتەوە، ئەم بڵاو بوونەوی ترســـە کە وەک شـــەلەیەک ڕژاوەتە ناومانەوە وای کردووە کە تووشـــی تێکچوونێکی ئەخلاقی ببین کە تیـایـدا شـــەڕ و خراپەکـاری بەهـانە و پـاکـانەی خۆیـان هەیە تەنـانەت لەلایەن دەوڵەتیشـــــەوە بەهــانەی خۆی هەیە. کەواتە **بــاومەن** چۆن ئەم هەموو دیمەنەی دەستنیشان کرد لە زنجیرەکەیدا؟

کاتێک تەنها گۆڕان بەردەوامە و ناوەســـتێت ئەوا نادڵنیایی دەبێتە تەنها دڵنیایی و ئەو دۆخی شـلبوونەوەیەی ***باومەن*** مژدەی پێدەدات هەمو شـتێک دەگرێتەوە لە زنجیرە کتێبەکەیدا، لەوانە کتێبی **مۆدێرنەی شـل** کە لە پێنج بەش پێک هاتووە و لەبارەی (ئازاد بوون، تـاکێتی، دووانەی کـات و شـــوێن، کـار، کۆمەڵگە) دەدوێن. لێرەدا بـاومەن لەو مۆدێرنەیەوە کە تەنهـا ئـامـانجی بۆ ئەوەیە بگەین بە کـامـڵ بوون دەمـانبـات بەرەو مۆدێرنەی شـــل کە تەنها ئامانجی ئەوەیە بەردەوام و بێســـنوور شـــتەکان باش بکات و پەرەیان پێ بدات واتە پێشـــــکەوتنی بەردەوام، کە لێرەدا ناگەینە دۆخێکی کۆتایی یان هەرگیز ناگەینە کۆتاییەک بۆ مانای شتەکان.

مەبەســـتێکیش لەم بەردەوام بوونە بوونی نییە تەنانەت مۆدێرنەی شـــــل حەزی بە ئامانجێکی دیاری کراویش نییە.

باومەن دەڵێت: "ئێســـــتا بەهۆی بەجیهانی بوونەوە مانای قوڵی شـــوێن و بەهاکان و شـــتەکان و پەیوەندییە مرۆییەکان بوونەتە بابەتێکی (بەکاربردن-اسـتهلاک)ی و ئێسـتا پرۆســەی بەکاربردن و بەرخۆری ئەو شـتانە بووە بە ســەنتەری ژیان، واتە بەرخۆری بووەتە ســەنتەری ژیان. و ئیدی نوێکردنە و ئەپدەیت کردنی بەردەوامی شــتەکان بەبێ

بوونی ئامانجێک لەپشت ئەو نوێکردنەوەیە بوونی هەبێت، بوو بە مەبەست و ئامانجی کۆتایی ژیان، واتە ئەوەی شێوە ژیانی ئەمڕۆ لە ژیانی پێشتر و ڕابردوو جیادەکاتەوە ئیدمان و ئالودە بوونە بە نوێکردنەوە و ئەپدەیت کردنی بەردەوامی بەهای شتەکان و پەیوەندییەکانی مرۆڤ و مرۆڤ تووشی وەسواسێکی قەهری بووە بۆ بەرخۆری و نوێکردنەوە.

بەپێی ***باومەن*** ئەم گۆڕانە لە دۆخی ڕەقییەوە بۆ دۆخی شلی کاری کردۆتە سەر دوو بەهای تر کە بریتین لە ( مانەوەی درێژخایەن و زوو نەمان).

ئێستا کۆمەڵگە وای لێ هاتووە کە حەزی بە میانڕەوی و شل ڕاگرتنی شتەکانە کە زو زو ئەم شتانە دەگۆڕێت و خێرا دوای بەکارهێنانیان فڕێیان دەدات، ئیتر بەها مرۆییەکانیشی گرتۆتەوە واتە ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانیش کاتین و زوو زوو دەگۆڕدرێن و ئێستا بە ئاسانی کەسەکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکانیان واز لێ دەهێنن و هەڵی دەوەشێننەوە، زوو زوو واز لە ئەرک و فەرمانەکانیان دەهێنن و لێی پاشگەز دەبنەوە، ئێستا یاسای گەمەکان هەر بە هێندەی کاتی گەمەکانەوە بەردەوامە، لە دوای گەمەکەوە یاساکان بەردەوام نابن، ئێستا هەموومان خراوینەتە ماراسۆنی ڕاکردن بەدوای شتە نوێکاندا، چونکە لە سایەی ئەم مۆدێرنە شلەدا هەموو شتێک ئەگەری ڕوودانی هەیە، بەڵام هیچ شتێکیش نییە کە بە متمانە و دڵنیاییەوە بیکەین.

ئەم ئەپدەیتە یەک لەدوای یەکانە بۆ بەها و شتەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە دۆخێک لە تاکێتی پەیدا ببێت کە گرنگی کۆمەڵگەی سڕیوەتەوە، ئیتر ئێستا هەر کەسە و بە تەنها ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی دەبێتەوە و، کۆمەڵگەش بووە بە تنها گرووپێک کەس کە بە تەنها ڕووبەڕووی کێشەکانی خۆی دەبێتەوە، واتە لەناو گرووپەکەدا هەریەک لە ئەندامانی گرووپەکە بە تەنها کێشەکانی خۆیان چارە دەکەن، واتە ئێستا لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا و لە مۆڵەکان و لە گۆڕەپانەکان و لە یاریگاکان خەڵک زۆر هاشوهوش و دەنگیان بەرزە بەڵام ئامادەبووانەکە هیچ پەیوەندییەکی مرۆییانەیان لەگەڵ یەک نییە، بەڵکو تەنها پەیوەندییەکی ڕووکەشی (سطحي) لەنێوانیان دروست دەبێت کە بەندە بە پرۆسەکردنی ساتەکەوە کە تیایدان و خێرا کاتەکە بەسەربەرن بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی قوڵ و ڕاستەقینە لەگەڵ یەک دروست بکەن.

ئیدی لە نەبوونی ئاسایشێکی درێژخایەن وای لێهاتووە بە تێرکردنی کتوپڕی خێرایی خۆمان بۆ شتەکان ڕازی بین و پێمان وابێت شتێکی زۆر ماقوڵ و باشمان کردووە، ئیتر هەر شتێک بکەوێتە دەستمان خێرا دەبێت بەکاری بهێنین و چێژی لێ وەبگرین چونکە نازانین بەیانی چی دەبێت و چی ڕوودەدات.

ئەمە سەردەمی ترس و نیگەرانییە کە لە هەموو ساتێکی ژیانماندا لەگەڵماندایە و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش ناتوانێت هەلی ژیانێکی جێگیر و ئاسوودەمان بداتێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەم سەردەمەدا هەموو ئەگەرەکانی پەرەسەندی خودی خۆمان لەدەست داوە، چونکە ئەو دۆخە شلەی لەبەر دەممانە زۆر هەڵبژاردە و ئۆپشنی بێکۆتامان دەخاتە بەردەست کە زیاتر نیگەرانمان دەکات، کە چیتر ئارامی و ئاسودەییمان نامێنێت بەهۆی نەبوونی شتێکی ڕوون و تێکەڵ بوونی شتەکان بە یەکتری و نەبوونی تێگەیەک و مانایەکی جێگیری شتەکان.

**کتێبی دووهەم: ژیانی شل**

لە دوای ڕێخۆشکردن بۆ چەمکی شلی لە کتێبی یەکەمدا **مۆدێرنەی شل** "باومەن" کتێبی دووهەممان پێشکەش دەکات بە ناوی **ژیانی شل** بۆ ئەوەی بە کورتی پێمان بڵێت: ئەم ژینەی ئێستای جیهان بریتییە لە ژیانێکی شل، کە پێشەکی زنجیرەیەک لە سەرەتای نوێن، کە مەبەستی لەو سەرەتایانە ئەوەیە ئێستا ژیانمان هەمووی بووەتە بەرخۆری بەردەوام ، بێکۆتا.

ژینی شل بەپێی **باومەن** ژیانێکی بەرخۆرییە وا لە جیهان دەکات کە ئەوەی تیایەتی لە گیاندار و بێگیان هەمووی ببنە بابەتی ئیستیهلاکی و بەرخۆری، کە هەرکات بەکارمان هێنان ئیدی بەها و سیحر و جوانییەکەی خۆیان لەدەست دەدەن، لێرەدا کەسەکان لەنێو کۆمەڵدا لەڕێی بەرخۆرییەوە بەها وەردەگرن، واتە تاچەند بەرخۆر بێت ئەوەندەش مرۆڤیت و حسابت بۆ دەکەن، چونکە مەرج نییە ئەوەی پارەی لەگیرفان بێت سەرفی بکات. [واتە تا زیاتر بەرخۆری بکەیت زیاتر بەهات بەرز دەبێتەوە، لێرەوەیە مرۆڤ دەبێت بە کاڵا، چونکە بۆ دەبێت مرۆڤ نرخ و بەهای بۆ دابنرێت لە کاتێکدا مرۆڤ خۆی بەهایەکی ڕەهایە].

لێرەدا دەبنین مرۆڤ گەمارۆ دەدرێت بە هەموو ئەو دۆخانەی کە هیوای ئازادی پێ دەدەن [واتە لە ریکلامی کاڵاکاندا وای تێدەگەیەنن کە بەدەست کەوتنی ئەم کاڵایە ئینجا ژیانی خۆش دەبێت و هەست دەکات کە ئازادە و کەسەکە خاوەن بڕیاری خۆیەتی]، کەچی لە ڕاستیدا گەمارۆ دەدرێت بە داهێنانی پێداویستییەکان بۆی.

***باومەن*** کتێبی دوهەمی دەکات بە حەوت بەشەوە کە بریتین لە: تاک لەژێر گەمارۆدا، لە (گەشمرد)ە یان لە شەهیدەکانەوە بۆ قارەمانەکان و لەقارەمانەکانەوە بۆ بەناوبانگەکان، کولتوور لە دەرەوەی کۆنترۆڵ. گەڕان بەدوای پەناگەیەکدا لە سندوقی پاندۆرادا یان

ترس و ئاسایش و شار. بەرخۆرەکان لە کۆمەڵگەی شلدا، فێربوونی ڕۆشتن بەسەر لمە جوڵاوەکاندا(الرمال المتحركه). بیرکردنەوە و تێفکرین لە ساتە تاریکەکاندا.

***باومەن*** لە پێشـــەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: پەیووندییەکی قوڵ لەنێوان مۆدێرنەی شـــل و ژیانی شـلدا هەیە، واتە ژیانی خەڵک لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا شـلە و ناکرێت شـێوەیەکی چەســـپاو و جێگیر وەرگرێت ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ شـــێوازی خۆی بپارێزێت. چونکە لەو دۆخی شـــلییەدا ژیان پڕە لە مەترســـی و تیایدا مرۆڤ هەمیشـــە لە بارێکی ناکام و ئاگاداری بەردەوامدایە.

هەروەها دەڵێت: لە ژیانێکی وەهادا مەترســـیدارترین شـــت کە تووشـــی تاک ببێتەوە شـکســـت هێنانێتی لەوەی کە بەو شـــتە نوێیانە ڕانەگات کە دێنە پێشـــی و ئەمیش فریا نەکەوێت بەکاریان بهێنێت. کەواتە ژیان لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا لە گەمەی (کورســـی و مۆسیقا) دەچێت کە تیایدا کورسیەک دادەنێن و چەند کەسێک بە دەوری کورسییەکەدا دەســـوڕێنەوە لەپڕ کە مۆســـیقاکە وەســـتا، دەبێت خێرا کەســـێک لەســـەر کورســـییەکە دابنێشێت و ئەوەشی فریا ناکەوێت لەسەری دابنیشێت دەردەکرێت لە گەمەکەدا.

ئیدی تاک کەوتۆتە ناو ئەو گەمارۆی بەرخۆری و تاک وای لێهاتووە لەو ساتە بترسێت کە تیایدا فریا نەکەوێت شـــتەکان و پەیوەندییەکانی خۆی بە مارکەیەکی نوێ تر نەگۆڕێتەوە لەوەی کە هەیەتی.

ئیدی لەم ژینە شلەدا مانای (گەشمردە یان شەهید) دەگۆردرێت لە مانایەک بۆ مردن لە پێناو بەهایەکی بەرزی مرۆڤانەدا بۆ ئەو قارەمانەی کە کاسـپی بۆ دەوڵەت دەکات. واتە پارەی زیاتر ســـەرف دەکات بۆ بەرخۆری. چونکە لەم ژیانە شـــلەدا تا کەســـەکە زیاتر بەرخۆری بکات ئەوا زیاتر بەهای لە بەهای شـــەهیدەکان بەرز تر دەبێتەوە، چونکە لەم ژینە شـلەشـدا چیتر سـەرکەوتن بە تەنها سـەرکەوتنێک ناناسـرێت بەڵکو بە ململانێیەکی نەبڕاوەی ڕۆژانە ســـەیر دەکرێت کە تیایدا ســـەرکەوتنی کۆتایی بۆ کەس مســـۆگەر نییە جگە لە بەرخۆری بەردەوام.

### کتێبی سێهەم: ئەوینی شل

لە ئاوازێکی دانەبڕاودا ***باومەن*** کتێبی سـێهەممان پێشـکەش دەکات بە ناوی **ئەوینی شـل** کە گوزارشـــت لە بێهێزی و ناپتەوی و ناســـکی پەیوەندییە مرۆییەکان دەکات لە کۆمەڵگەیەکی بەرخۆرەوە بۆ کاڵاکان بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرخۆریش لە هەســـت و

سـۆز و پەیوندییە مرۆییەکان، چونکە هەموو پەیوەندییە نەریتی و باو و چەسـپیوەکان کۆنترۆڵیان لەدەست داوە و چیتر حەزپێکرا و ئارەزووکراو نین وەک جاران.

خانمە دکتۆری مصـــری (هبە ڕەئوف) لە پێشـــەکی ئەم کتێبەدا وای دەبینێت کە گەشتەکەی باومەن لە فەلسـەفەوە دەست پێدەکات بەرەو سۆسیۆلۆژیا و بە سیاسـەت کۆتایی دێت. کتێبەکە لە چوار بەش پێک دێت لەوانە: کەوتنە ناو خۆشـەویسـتی و هاتنە دەرەوە لێی، بەستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هاتنە دەرەوە لێی، دراوسێکەت وەک خۆت خۆش بوێت، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی.

لەم کتێبەدا **باومەن** دەڵێت: لەم سـەردەمەدا مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ هەسـت و سـۆز و پەیوەندییەکاندا هەمان مامەڵەیە کە لەگەڵ کاڵاکاندا دەیکات، کە تیایدا پەیوەندییە مرۆییەکان پەیوەندییەکی کاتی و تێپەڕن و ناوی دەنێت: "پەیوەندییەکانی گیرفانی سەرەوە"، وەک مانایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە پەیوەندییەک دوای بەکارهێنانی و تێربوون لێی.

***باومەن*** دەڵێت: ئێســـتا هەر وەک بەرهەمێکی بەرخۆری دەکرێت واز لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی مرۆیی بهێنین، ئێستا چاوەکان بەردەوام بۆ پشت چرکەساتەکان دەڕوانن و هەر بۆ ئەوە دەڕوانن کە چی جوانتر دەنوێنێت، چاو تێر نابێت بەوەی کە ئێستا هەیە و لەبەردەســـتە. باس لەوەش دەکات کە چۆن جیهانی گریمانەیی و ســـۆشـــیال میدیا کۆنترۆڵی جیهانی ڕاســـتەقینەی ئێمەی کردووە، بەوەی ئێســـتا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتر لە واقیعی ڕاستیدا بە پێوەری پەیوەندییەکانمان لە سۆشیال میدیادا دەپێوین، واتە بە کلیکی دوگمەیەک دەتوانین هاوڕێیەکی ناو ســـۆشـــیال میدیا بســـڕینەوە، یان بلۆکی بکەین، هەر وەک ئەوەی هیچ شـــتێک نەبوبێت، هەروەها زوو تووش بوون بە بێزاری و بێ تاقەتی لە نێوان هاوسـەرەکاندا بەهۆی تەشەنەکردنی بەهای بەرخۆری و بەکاربردنی شـــتەکان و پەیوەندییەکان لە دەروونی تاکەکاندا و کە هەریەکێکیان بەردەوام بەدوای چێژی خێرای کەمخایەندا دەگەڕێت و ئێســـتا لە ســـایەی ئەم شـــل بوونەوەیە لە پەیوەندیەکاندا کۆمەڵگە بووە بە چەند گرووپێکی بچووک لەنێوان چەند کەســـێکدا. ئیتر "باومەن" دەڵێت: «مرۆڤ لە ڕوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە گۆڕاوە بۆ ناڕوونی پەیوەندییە تێپەڕەکان».

**کتێبی چوارەم: ئەخلاق لە سەردەمی مۆدێرنەی شلدا**

ئەم کتێبە لە چوار بەش پێک دێت: کام هەل بۆ پاراستنی ئەخلاق لە سەردەمی بەرخۆریی بە جیهانیی بووندا، کوشتنی خێرا و میراتی سەدەی بیست و چۆن یادی بکەینەوە، ئازادی لە سەردەمی مۆدێرنەی شلدا، ژیانێکی بزێو و نەسرەوت کە ئەویش چەند بەشێکە لەوانە: «ئالانگارییەکانی مۆدێرنەی شل بۆ فێربوون، لەنێوان گەرمی و ئاگردا و یان هونەر لەنێوان بەڕێوەبردن و بە بازاڕکردندا، سازکردنی گۆی زەوەی بۆ قبوڵکردنی نموونەی ئەورووپی».

کتێبی چوارەمیش وەک کتێبەکانی پێشووی دیدێکی ڕەخنەیی دەخاتە سەر ئەم سەردەمە شلە لەم کتێبەدا ***باومەن*** فۆکس دەخاتە سەر ئەخلاق و هەڵسوکەوتە ئەخلاقییەکان و کاریگەری بەرخۆری لەسەرئەو هەڵسوکەوتانە و کاریگەرییەکانی بە جیهانی بوون چین لەسەر ئەخلاق. چونکە ***باومەن*** پێی وایە کە: بەجیهانی بوون(گلۆبەلازەیشن) بووەتە هۆی دروست بوونی ئەم دۆخە شلەی مرۆڤ چونکە بەجیهانی بوون ڕێ دەدات کە:

١- مرۆڤەکان بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن لەنێوان وڵاتەکاندا.

٢-ئاسانکردنی هاتوچۆی پارە.

٣-نەمانی سنووری باوی نێوان دەوڵەتان، کە کاتی خۆی مۆدێرنەی ڕەق دروستی کردبوو.

٤- گۆڕانی خێرا و زوو زووی بەردەوامی پێناسەکان.

٥-گۆڕانی بەها ئەخلاقییەکان بەهۆی بەرخۆرییەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر هەڵسوکەوت و بیروباوەڕی مرۆڤ.

***باومەن*** لەم کتێبەیدا هەوڵی تیۆریزەکردنی دۆخی ڕەقی و شلّی دەدات بۆ ئەوەی بیانخاتە بری مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە. "باومەن" لەکتێبەکەدا ئەم پرسیارە دەکات:« ئایا ئەخلاق لەم سەردەمە بەرخۆرەدا هیچ چانسێکی ماوە لەسەر بەهاکانی خۆی بمێنێتەوە؟». وەڵامەکەیشی بە «نەخێر» دەداتەوە و دەڵێت: ( تەنانەت ئەخلاقیش شل بووەتەوە و توانای بەرگیکردنی لە بەها ڕەق و چەسپاوەکانی جارانی خۆی نەماوە).

چونکە لە جیهانی شلدا بەها و پێناسەکان دەگۆڕدرێن و سنوورە سیاسییەکانیش دەتوێنەوە و بەهۆی هاتوچۆی ئازادی سەرمایەوە لەمپەرە باوەکان گرنگی و کاریگەریان نامێنێت و کۆچی بەردەوامی خەلک بۆ ولاتان لە پێناو قازانجی خێرادا دەبنە هۆی کاریگەری لەسەر بەها ئەخلاقییە جێگیر و چەسپاوەکان چونکە ئەو بەهایانەش دەکەونە بواری سوود و قازانجەوە و ئیدی شکست دەهێنن و دەستەمۆی خلۆکی وەبەرهێنان دەبن (عجلە الإنتاج) تا بزاوتی بەرخۆری خێرا نەوەستێت.

### کتێبی پێنجەم: کاتە شلەکان... ژیان لە زەمەنی نادڵنیایی

ئەم کتێبەش لە پێنج بەش پێک دێت لەوانە: (ژیانی شلی مۆدێرن و مەترسییەکانی، بزوتنەوەی مرۆڤایەتی کۆلنەدەر، دەولەت و دیموکراسی و بەڕێوەبردنی ترس، بەیەکەوە.. بەلام بەجیا، یۆتۆبیا لە سەردەمی (نادلنیایی)دا. "باومەن" دیدی خۆیمان لەبارەی ئەم زەمەنەی ئێستا بۆ ڕوون دەکاتەوە، دەلێت: زەمەنە شلەکان بریتین لەم ژیانە هاوچەرخەی خۆمان کە بەدەست گۆڕانی بونیادە ناوەکییەکانییەوە دەنالێت و پایەکانی لە پتەوییەوە بەرەو شل بوونەو دەگۆڕێن. باومەن ئەم گۆڕانانە لە هەلوەشاندنەوەی بونیادە کۆمەلایەتییەکان و دامەزراوەکانی ناویدا دەبینێت کە پێشتر ئەو بونیادانە بەرپرس بوون لە ڕاگرتنی نەریتە کۆمەلایەتییەکان و شێوازەکانی هەلسوکەوتی تاک و گرووپەکان کە ئێستا چیتر تواناى درێژ ڕاگرتنی ئەو نەریت و هەلسوکەوتانەی نەماوە وەک جاران، ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی کە کێرڤی مەترسییەکان بەرز ببێتەوە بەهۆی نەمانی پێشبینی کردن و دابونەریتە کۆمەلایەتییەکانەوە.

ئیدی ***باومەن*** لێرەوە دەچێتە سەر ئەو جیابوونەوەیەی کە لەنێوان دەسەلات و سیاسەتدا ڕوویداوە واتە لەنێوان ئەوەی کە (دەتوانین بیکەین) و ئەوەی کە (دەبێت بیکەین)، واتە جیابوونەوەی ئامانجەکانمان لە هەلسوکەوتەکانمان ئەمەش کە بەهۆی ئەو خستنە ڕووە بێ ئامانج و مەبەستە دیاریکراوەی بەرخۆری دروست بووە، ئەمەش وای کردووە دەولەت لە ڕۆژئاوا دەست لە ئەرکە کۆمەلایەتییەکەی بکشێنێتەوە و تەنها فەرمانی بۆ ئەوە بێت کە کەفالەتی ژیانی تاکە زۆر هەژار و بێ تواناکانی کۆمەلگە بکات ئەم تەنها فرمانەش وادەکات کە چەمکی کۆمەلگە هەلبوەشێتەوە. تا ئیدی دواجار دیارترین

سیفەتی زەمەنە شلەکان دەبینین کە تیایدا بیرکردنەوەی قوڵ و پلانی ستراتیژی درێژخایەنی تیا نەماوە، چونکە کەلوپەل و شتەکان بەرواری ئێکسپایەریان کورتە.

### کتێبی شەشەم: ترسی شل

وەک ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو لەم سەردەمە شلە کە تیایدا پەیوەندییە مرۆییەکان کاتی و تێپەڕن و لەم ساتوەختی نادڵنیابوونەدا **باومەن** ڕەخنەیەکی تر لە شلە مۆدێرنە دەگرێت لەسەر ئەو ترسەی کە مرۆڤی هاوچەرخ دووچاری بووەتەوە. لەم کتێبەیدا **ترسی شل** دەڵێت: (مۆدێرنە نەک تەنها نەیتوانی ئەو بەڵێنەی کە پێی داین بەوەی کە مرۆڤ ڕزگار بکات لە ترس جێبەجێ بکات بەڵکو پێچەوانەشی کردەوە و ئەمجارە مۆدێرنە لە بری دەوڵەت خۆی هەستا بە دابەشکردنی ترس بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا).

چونکە ئەو تاکانەی کە کەوتنە زیندانی ترسەوە، دوای ئەوەی مۆدێرنە بەڵێنی ڕزگارکردنی پێدان لەو ترسە ئێستا وایان لێ هاتووە بەردەوام هەست بە هەڕەشەی ئایندە بکەن واتە ئایندە بووە بە هەڕەشە بۆیان لەو چارەنووسە نادیارەی خۆیان دەترسن بەدەست ئەو دۆخە شلەوە کە تیایدا خێرا شتەکانی تیا دەگۆڕێن و بەرخۆریان زۆرتر و خێراتر دەبێت. نووسەر کتێبەکە دەکات بە شەش بەشەوە لەوانە: (ترس لە مردن، ترس و شەڕ، ترس لەو شتانەی کە بەڕێوە نابرێن یان ئیدارە نادرێن، نەهامەتییەکانی بەجیهانی بوون، ئەندێشەدان بە ترس، بیرکردنەوە لەبەرامبەر ترس: پوختەیەکی ناکۆتا بۆ سەرلێشێواوەکان).

هەر لەبارەی ئەم گۆڕانەوە باومەن دەڵێت: دەوڵەت لە چاخی مۆدێرنەی ڕەقدا بە تایبەتی لە ڕۆژئاوا بەڵێنی بە هاوڵاتیانی خۆی دەدا کە ڕزگاریان بکات لەو ترس و تۆقینەی کە لە سەدەکانی پێش ڕۆشنگەریدا هەبوون مەبەست لە ترسەکانی پێش ڕۆشنگەری (ترس لە سرووشت، ترس لە نەخۆشی و مەرگ، ترسی مرۆڤەکان لە یەکتری) وەک فەیلەسوفی ئینگلیزی ***هۆبز*** دەڵێت: «مرۆڤ گورگە بۆ برای مرۆڤی خۆی».

بە دیدی **باومەن** سەرەڕای هەوڵەکانی دەوڵەتی مۆدێرنەی ڕەق بۆ لابردنی ئەو ترسانە لەڕێی پێشکەوتنی پزیشکی و تەکنەلۆژی و لێپرسینەوەی یاسایی لە تاوانکاران کەچی دەوڵەتی مۆدێرنەی شل لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی دوورکەوتۆتەوە و تاک و هاوڵاتییەکانی خۆی خستۆتە بەر ڕووبەڕووبوونەوەی بەجیهانی بوونی ئابووری و سەرمایەداری و هاوڵاتیانی خۆی ملکەچی ئابووری دەکات

و سـەرمایەیان بەسـەردا دەسەپێنێت. ئەمەش کە دەبێتە هۆی ئەوەی ترسـێکی بەردەوام لە ئایندەیەکی نەزانراوەوە لەلای هاوڵاتیان دروســـت ببێت، واتە (ترس لە لەدەســـتدانی کاسپێک بۆ کاسپییەکەی، فەرمانبەرێک بۆ وەزیفەکەی خۆی، ترسی لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی، ترســی لەدەســتدانی کاڵاکان) ئیدی بەمە ترس بووەتە شـتێک کە کۆنترۆڵ ناکرێت و ئیدارە نادرێت.

## کتێبی حەوتەم: چاودێری شل

***باومەن*** لە دیمانەیەکدا کە لەگەڵ ســۆســیۆلۆژیســتێکی تر بەناوی ***دەیڤد لیۆن*** ئەنجامی دابوو، لەم کتێبەشــدا هەردووکیان دیدگای خۆیان لەبارەی چاودێریکردنی شــل دەخەنە ڕوو کە دەستنیشانی ئەوەدەکەن چۆن چۆنی شێوازەکانی چاودێری کردن ڕژاوەتە ناو هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە.

کتێبەکە حەوت بەشە لەوانە: (فرۆکەی بێ فرۆکەوان و سۆشیال میدیا، چاودێری شل و قۆناغی دوای (بانۆ بتیکۆن)، ڕەهەندەکانی کۆنترۆڵی ئەلیکترۆنی، بێ ئاســـاییشـــی و چـاودێری، کەڵکەڵەی بەرخۆری و ســـایتەکـانی ئەنتەرنێت و بردنەوەی کۆمەڵایەتی، چاودێری لە دیدی ئەخلاقییەوە، توانا و هیوا).

خانمە دکتۆری ســـۆســـیۆلۆژی (هبە ڕەئوف) لەبارەی ئەم کتێبەوە دەڵێت: ئەمە کتێبێکە لەسەر کۆمەڵناسی ئامێرەکان و کاریگەریان لەسەر ئاگایی تاک بە خودی خۆی، کتێبێکە لەبارەی پەرەســەندن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ ئەو بەرنامە سـیاسـیانەی کە لەڕێی مۆبایل و ئامێرە دیجیتاڵییەکان و سۆشیال میدیاکانەوە دەستدرێژی دەکەنە سەر ئازادی تاک و سـنووری کەسـایەتیی دەبەزێنێت بەوەی کە لەناکاو ڕیکلامێک دێتە سـەر سکرینەکەت کە ڕیکلام بۆ ئەو شتە دەکات کە دوێنێ لەگەڵ هاوڕێیەکتدا باست کردووە و بەبێ ئەوەی بزانیـت، داگرتنی دوگمەی بەڵێ بۆ ڕیکلامەکە دەتخـاتە ژێر چ چاودێرییەکەوە.

کتێبەکە بە تیۆرەی زیندانی (بانۆ بتیکۆن)ی ***میشـــێل فوکۆ***وە دەســـت پێ دەکات کە تیایدا ئەو کەســـەی کە چاودێری زیندانەکە دەکات لەپشــت جامخانەیەکی تاریکدا کە لەسـەر تاوەرێک دانراوە، دانیشتووە و چاودێری کۆمەڵێک ژووری زیندان دەکات کە بە دەوری تاوەرەکەوە دروســـت کراون، کە هیچ کام لە زیندانی کراوەکان ناتوانن یەکتر ببینن و بێگومان ناشـــتوانن ئەو کەســـەش ببینن کە چاودێریان دەکات، ئەم چاودێرییە نموونەی چاودێریکردن بوو لە مۆدێرنەی ڕەقدا، بەڵام لە مۆدێرنەی شـــلدا ئێمە لەناو

هەمان (بانۆ بیتیکۆن)داین، بەڵام ئەم جارەیان لە فۆرمی دانیشـــتوانێکی بەرخۆرداین و وەک زینـدانیکراوێکی ســـەرکوتکراو لەنـاو ئەو ( بـانۆ بیتیکۆنە)دا نین بەڵکو وەک زینـدانیکراوێکی پـارە خەرجکەر و چێژوەرگر لە بەرخۆری لەوێ دانیشـــتووین بێ ســـەرکوتکردن، کە تیایدا پێویســـتمان بە پەیوەندییە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ باجێکی ماددی لەسەرمان بکەوێت.

ئیدی لەم چاودێرییە شـــلەدا تاک دەبێتە کەســـێک کە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی لادەبات بۆ ئەوەی لە جیهانی سۆشیال میدیادا هیچ جۆرە نادیاری و ناڕوونییەکی پێوە دیار نەبێت و بۆ ئەمەش هەموو وردەکارییەکانی ژیانی خۆی لە ســـۆشـــیال میدیاکاندا نمایش دەکات و بڵاویان دەکاتەوە تا وای لێهاتووە ئامادەیی و بزر بوونی کەســـەکان بەندە بە کاتژمێرەکانی مانەوەیان لەو ســـایتانەدا ئیتر تاکەکان بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن هەموو زانیارییەکیان لەبارەی خۆیان ئاشـــکرا کردووە. ئەمەش هەمان ئامانجی ئەجێندا ســـیاســـییەکەی دەوڵەتی مۆدێرنەی شـــلەیە کە پێشـــتر بە خەویش دەســـتی نەدەکەوت بۆ ئەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە.

ئیدی پرسـیارێک لەبارەی ئەم چاودێرییە شـلەوە کەدەبێت بکرێت ئەوەیە: کە چۆن ئەم چاودێرییە شـلە کار دەکاتە سـەر وێناکردنی سـوبێکتی خۆمان و چۆن کاردەکاتە سـەر هەڵســـوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانمان و چۆن کاردەکاتە ســـەر پەیوەندییەکانمان و دنیا بینیمان؟

## کتێبی هەشتەم: شەڕی شل

وەک کارێکی هاوبەشی تر ***باومەن*** لەگەڵ فەیلەسوفی لیتوانی **لیونیداس دۆنسکیس** دوا کتێبی خۆیمان لە زنجیرەکەدا پێشکەش دەکات و تیایدا باس لە (شـەڕی شـل) دەکات کە دەوڵەتی مۆدێرن ئەم شەڕە دەکات و کتێبەکە چوار بەشە لەوانە: (بەرەودان بە کەڵکەڵەی نا شـــەخســـی یان ناســـوبێکتی، لە جیهانی کافکاوە بەرەو جیهانی جۆرج ئۆرێل، جەنگ ئاشتییە و ئاشتیش جەنگە، تارمایی کەسە لەیادکراوەکانمان کە پێش ئێمە بوون: یاخود پێداچونەوەیەک بۆ کەڵکەڵەی مانییەت).

کتێبەکە زیاتر لەســـەر ئەوە دەدوێت کە ئێســـتا شـــەڕ بووەتە دیدگای ســـیاســـیانەی دەوڵەت و دەوڵەت شـــەڕ فرۆشـــتن پیلانگێڕی بە شـــتێکی ئاســـایی و بەهانە بۆ هێنراوە دەیبینێت و پێی وانییە کە دەبێت هەمیشـە شـەڕ دژی خێر بێت، لێرەوە هەردوو نوسـەر وای دەبینن کە: لە دۆخێکی وا شـــلدا خیانەت کردن بەهانەی خۆی هەیە، چونکە گەر

دەوڵەت بتوانێت بە کوشتن و سەرکوت کردن و خیانەت کردن  پارێزگاری لە دەسەلاتی خۆی بکات یان بتوانیت بەو شـــتانە برەوو بە دەســـەلاتی خۆی بدات ئەوا دەوڵەت خیانەتەکانی خۆی بە قوربانیدانێکی ســـەخت و تاڵ لە پێناو ئامانجێکی نیشـــتمانی بالآدا لەقەڵەم دەدات.

چونکە گەر کودەتا و پیلانگێڕی ســـەری گرت ئەوا کودەتاچییەکان دەبنە پاڵەوان و سیمبولی دەولەت و مێژووش نەمریان دەکات، بەلام گەرپیلانەکان سەریان نەگرت ئەوا بە خیانەتکار لەقەڵەم دەدرێن، بەڵکو مێژووش بە خراپی باســـیان دەکات گەرچی کە پیلانەکانیشـــیان بۆ لەناوبردنی دەســـەلاتێکی ســـتەمکاریش بێت، بەلام کە ســـەر نەگرێت ئەوا بە خیـانەت کـار نـاودەبرێن. نموونەی ئەمەش ئەو هەوڵی کودەتـا شـــکســـت خواردووانەی کە بەرامبەر بە «هیتلەر» دەکرا لە جەنگی جیهـانی دووهەمـدا لەویـادا کودەتاچییەکان دەکران بە خیانەتکار چونکە «هیتلەر» هەمو جارێک سەردەکەوت.

هەر دوو نووســـەرەکە دەڵێن: لێرەدا بەتەنها دەوڵەت نییە کە شـــەڕ و پیلانگێڕی دەکات بەڵکو، هاولاتیانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان دەســـتیان لەوانەدا هەیە، چونکە وەک (هبە رەئوف) دەڵێت: ئێســـتا شـــەڕ لە هەموو ســـاتەکان و وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە، کە بووەتە شـــتێکی ئاســـایی لە ئەمڕۆدا لەلای ئەوانەی دڵیان بە شـــەڕ خۆشـــە بە بەهانەی پاراستنی بەرژەوەندی بالآی دەوڵەتەوە.

ئەمە هەمووی بەهۆی ئەو دۆخی شلییەوەیە کە بە هەموو جومگەکانی ژیاندا بلاوبۆتەوە واتە: (شـــل بوونەوەی ئەخلاق و بەهاکان و نەمانی مانا پتەوەکان لە دڵی زۆرینەی خەڵک)دا، تا باوەڕ بەو درۆیە بکەن کە ڕۆماننووســـی ئینگلیزی ***جۆرج ئۆریەل*** لە ڕۆمانە ناودارکەی بەناوی(١٩٨٤) دا باســـی دەکات و دەڵێت: «جەنگ ئاشـــتییە و زۆرەملێش پێگەیاندنێکی سۆزدارانەیە».

***باومەن*** بەم کتێبەی کۆتایی بەگەشـــتەکەی دەهێنێت لەبارەی دیاردەی شـــل بوونەوە. کە تۆڕی عەرەبی بۆ توێژینەوە و بلاو کردنەوەئەم زنجیرە کتێبەی وەرگێڕا و بلاوی کردەوە.

سەرچاوە: ئەم بابەتە لەم وتارەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی:

https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/2018/1/22/مجموعة-السوائل-طريقك-إلى-نظرية-باومان